# خۆ نوێکردنەوە بە دڵ یان بە مێشک

مژگین بینگۆل/ لە ستۆکهۆڵم
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ



سەعات بۆ دوازدە پێنجی ماوە، ناوی ڕێخکستنێکی سویدیە لە شاری «هارن ساندی» لە ساڵی«١٩٨٩» دامەزراوە بۆ ئەوەی لە دژی ڕاسیزم و نەتەوە پەرستی خەبات بکات، هەموو ساڵێک لە پێنجی مانگی دوازدە و سەعات بۆ دوازدە پێنجی دەوێت، ساڵڕۆژی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە هاوکات لە هەندێک لە شارەکانی سوید لە دژی ڕاسیزم بۆ مافەکانی مرۆڤ و لە دژی نەتەوە پەرستی خۆپیشاندان ساز دەکرێت و لێدوان دەدرێت و تێڕوانینی دژی گەلان شەرمەزار دەکرێت.

ئەو ڕێکخستنە لەلایەن باوکێکی سویدیەوە دامەزراوە کە کچەکەی بە دەستی کەسێکی نەناسراو کوژراوە بۆ ئەوەی یادەوەری کچەکەی زیندوو ڕابگرێت.

کچی ئەو باوکە کە ناوی سارا بوو بۆ هەموو کات بۆ مافەکانی مرۆڤ تێدەکۆشاو دەستی یومانیزمی بۆ هەموو بیانییەکانی ئەو شارە درێژ دەکرد، بەڵام ئەو نەیدەزانی کە ڕۆژێک لەلایەن کەسێکی نەناسراوە دەکوژرێت.

ئەم ساڵ لە یادەوەری ئەم ڕۆژەدا لەم شارەی من دەژیم تیادا داوایان لێکردم وتارێک پێشکەش بکەم، بەڵام ئەو کاتەی من بیرم لە ئامانج و گرنگی ناوەڕۆکی ڕۆژەکە کردەوە جارێکی دیکە برینەکانم، کولانەوە، من زانیم کە هەڵسوکەوتێکی وشیارانە دەتوانێت ڕووداوێکی شاراوە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ بکاتە موڵکی گەل، ئەو ڕووداوە شارەوە دەتوانێت لەگەڵ خۆی دابونەریتە کۆنەکان پەروەردە بکات و لایان ببات، هاوکات لەم ڕۆژەدا بە ڕووداوێکم لە نێوان ژنی ئەو وڵاتەو ژنانی وڵاتەکەم بکەم و چارەنووسی ئەو دایک و خوشکانە بە تاوانی ناموس لەلایەن پیاوانەوە چیان بەسەر دێت، ئەو کاتە هەستم کرد ڕێگای تێکۆشانمان زۆر دوور و درێژە بۆ ژنانی ئاسیای ناوین بە گشتی و ژنانی کورد بەتایبەت.

لە هەندێک شوێن هەندێک هەڤاڵی وەک سارا بە تاوانی پاککردنەوەی ناموسی دەکوژرێت بەڵام باوکی سارا دوای ئەم تاوانە گوتبووی «بێ ناموسی هەرە گەورە ئەوەیە مرۆڤ بیەوێت بە زۆر کەسێکی تر لای خۆی بهێڵێت».

دوای ئەم ڕووداوە بیانیانی ئەم شارە بوونە پشیلەی ڕەش، سویدییەکان دەیانویست بیانییەکان لەو شارە دووربخرێنەوە، بەڵام باوکی سارا نەیویست ناوی کچەکەی بەشێوەی پاککردنەوەی ناموسی بناسرێت و لە ڕێگای ئەوەوە هەموو بیانییەکان تاوانبار بکرێت.

ڕۆژی بە فاکسیاری ئەو میدیاکانی ئەو شارە دەستیان بە هەڵمەتێکی فراوان کرد بۆ ئەوەی ئەم ڕووداوانە لە شارەکانی تر بناسرێت و بڵاوببێتەوە بۆ ئەمەش قسەیان لەگەڵ باوکی سارا و پیاوە ئایینی و ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە ڕێگای لێکۆڵینەوە تەرخان کردووە کرد.

من سەیری سارا و ژنێکی کورد دەکەم کە ناوی بێریڤان بوو، بێریڤان کەلەلایەن پیاوەکەی کوژراوە خاوەنی پێنج منداڵ بوو، بێریڤان تەنیا لەبەر ئەوەی دەیوست لە پیاوەکەی جیا بێتەوە، مێردەکەی بە بەهانەی بێ ناموسی تاوانباری کردو «٣٧» چەقۆی لە جەستەی دا.

بنەماڵەکەیان خاوەنداری بێریڤانیان نەکرد و لە شوێنی ئەوەی پرسیار و لێکۆڵینەوە لەسەر کەسایەتی بێریڤان بکرابوایە بنەماڵەیان قسەیان لەسەر ئەوە دەکرد کە پێویست بووکێ بیکوشتبایە، خوشکی بێریڤان دەیگوت دەستی زاوایەکەمان خۆش بێت، بەڵام هەندێک ڕیش سپییەکان دەیانگووت زاوا هەڵەی کردووە پێویست بوو ڕادەستی برا گەورەکەی بکرابووایە بۆ ئەوەی ناموسی خۆیان پاکبکەنەوە، منداڵەکانی بێریڤان مۆری بێ ناموسییان لە نێوچەوان درا و لە نێو هەموو سویدی و کوردەکان بڵاوبوونەوە و ونداەبوون.

من وتەیەکی سەیری نور سریم هاتەوە یاد و، وا بزانم ڕاستییەکیش دەسەلمێنێت، کە دەڵێ «ڕۆژهەڵاتی بە دڵ، ڕۆژئاوای بە مێشک بیر دەکەنەوە».